ئەو تەمەتبارانەی دەستدرێژییان کردووەتە سەر ئەفسەرێکی هاتووچۆ سزا دران



ئەمڕۆ چوارشەممە، وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕاگەیاندووە کە سزای دوو ساڵ زیندانیکردن بەسەر دوو تەمەتباری دەستدرێژیکردنە سەر پۆلیسێکی هاتووچۆ لە مانگی ئابدووەدا سەپێندرا.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: دادگای تاوانکاری مەحمودیە سەر بە دادگای تەحقیقی کەرخی بڕیاری دا، سزای دوو ساڵ زیندانی بە دوو تەمەتبار دەرکرد کە لە 2ی ئەیلولی 2025دا دەستدرێژییان کردە سەر پۆلیسێکی هاتووچۆ، دوای تێوەگلانی لەگەڵ ئوتومبێلێکی یاسایی و کاری یاسایی و دامەزراندنی بڕیار لەسەریان.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، وەزارەتی ناوخۆ ستایشی ئەو هەوڵە بەرچاوەی دەستەی دادوەری عێراقی کردووە لە پاپشتیکردنی هەوڵەکانی دەزگا ئەمنییەکان و پاراستنی شکۆیان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. لە بەرامبەر هەر کەسێک کە هەڕەشە بکاتە سەر کارمەندانی ئەمنی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

وەزارەتەکە، پێزانینی بەرزی خۆی بۆ دەستەی دادوەری دەربڕی، کە پاپشتکی ڕاستەقینەی دەزگا ئەمنییەکان بوون و بەردەوام و هاوبەشکی سەرکییە لە دامەزراندنی سەروەری یاسا و پاراستنی کەرامەتی کارمەندەکانی.

ئاماژەی بۆشکرد: دادگا پێیوەندیدارەکان لەماوەی ئەمساڵدا (74) بڕیاری دادوەریان دەرکردووە

دژی ئەو تەمەتبارانەی کە بەشداربوون لە هەرشکردنە سەر هەزە ئەمنییەکان لە پارێزگا جیاوازەکاندا. ئەم بڕیارانە لە سزای لەسێدارەدان، زیندانیکردن، زیندانیکردنی توند، زیندانیکردنی سادە و بڕیاری دیکەو دەستیپێکردووە، بەپێی قورسایی تاوانەکانی ئەنجامدراو.

وەزارەتەکە دووپاتیکردەوە: شکۆی کارمەندانی ئەمنی بەشێکە لە شکۆمەندی دەوڵەت، و داواشی لە هەموو هاووڵاتییان کرد دوور بگرن لە هەر هەڵوێستێك یان سەرپێچییەك کە کاریگەری لەسەر کارمەندانی ئەمنی یان هەڵگری لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان بکات، لە هەمان کاتدا جەختی لەوە کردەوە: وەزارەت نەرمی نانوێنێت لە جێبەجێکردنی یاسا بڕیاردەر هەر کەسێك کە هەوڵی سوکایەتیکردن بە ئەندامەکانی بکات یان هەڕاسانیان بکات لەکاتی ئەرکدا.